**سەرنوسەری ئەنفالستان:**

# ئەوانەی شین بۆ قوربانیەکان دەکەن، مەبەستیانە ڕێز لەزیندووەکان نەگرن



ئەوەی لێرەدا دەیخوێننەوە دەقی وتووێژی ئازادیە لەگەڵ بەڕێز عومەر مەحەمەد، سەرنوسەری ئەنفالستان

**ئازادی: وادیارە ژمارە"4"ی ئەنفالستان ئەمساڵ پێشوازی باشی لێکرا، بۆ داهاتو بەنیازی چۆن کار لەسەر ئەنفال بکەیت، پێتوایە چیدی گێڕانەوەی حیکایەتەکان خزمەت بەئێستا بکات؟**

عومەر محەمەد: بەنیازم هەربەردەوام بم، ڕاستە ئەنفالستانیش جۆرێکە لەحیکایەتو ئینشانوسین، بەڵام بیرت نەچێت بەعس لەپانتاییەکی بەریندا تاوانەکانی ئەنجامداوە، ئەو حیکایەتانەش ئیفرازاتی خودی ئەنفالن، بەڵام نوسینەوەیان سودی هەیەو پێویستیان بە دۆکۆمێنتکردنە، کۆمەڵگایەکی جینۆسایدکراو ئەگەر بەدۆکۆمێنت قسەنەکاو چەندین سەنتەری لێتوێژینەوەو مەیدانی بۆ تاوانەکانو کاریگەرییەکانی دوای تراژیدیاکان نەبێت، ئیدی لەوەزیاتری لەدەستنایات، ناچار دەست بۆگێرانەوەی حیکایەتەکان دەباو خەریکی ئینشانوسین دەبێت، بەداخەوە دەبوایە تائێستا کاری گەورە بکرایە، دەبوایە لەدوای ئەنفال دەستکەوتی گەورە بەدەستبهێنرایە، بەلای کەمەوە کورد وەکو کۆمەڵگەیەك دەیتوانیٚ لەئینسانیەتی خۆی نزیکتربێتەوە، حیکایەتەکان هەردڵشکانو پەراوێزخستن نەبونایە، ئەوحیکایەتانەی ئێستا لەبارەی ئەنفالەوە دەیبیستین هەر بەعسیەکانی تێدا ریسوا نابێت، هەمو ئەو کەلتورە توندرەویەشی تیدا ریسوادەبێت، کەهەتائێستا خودی کوردو دەسەڵاتە سیاسیەکەشی پێوەی گیرۆدەیە، بەداخەوە دەبوایە لەدوای روخانی بەعس وەك پەیمانێکی کۆمەڵایەتیو ڕێزگرتن لەبەهای ئینسانو قوربانیانی ئەنفال وەلای بنیٚ.

**ئازادی: دەڵێن ئەوانەی کارلەسەر ئەنفال دەکەن تەنها بەدیوێکدا ئەوپرسە دەخوێننەوە کە قسەکردنە لەمەرگ، واتە دەمانگێرنەوە بۆسەردەمی کارەساتەکانو دەمانخەنە گریان، تۆ لەم بارەیەوە بیروڕایەکی جیاوازت هەیە؟**

عومەر محەمەد: پەلامارەکانی ئەنفال هیچ پەیوەندیەکیان بە ژیانەوە نەبو، پانتایی کارەساتەکە بریتی بوو لەمەرگ، بەڵام دەبێت ئاوردانەوە بۆ دوێنیٚ لەپێناوی ئایندەدابێت، دەشیٚ خوێندنەوەی تر بۆئەنفال بکەین، نەك شیوەن، من پێموایە ئێستا ئەنفال جەمسەرێکی بەمەرگەوە گرێدراوەو هەزاران جەمسەری تری وابەستەن بەژیانەوە، ئەوەی گرنگە ئێمە لەدوای ئەنفال چ هەڵوێستێکمان دەبێت؟ ئایا ئێمەش بۆیان بمرین یان بەناچاری دەبێت دان بەوراستیە تاڵەدا بنێینو مردنی ئەوان بکەینە هۆکارێك بۆئەوەی ئیتر ژیان جوانبێتو مرۆڤ جوان بژیو ئەو وەحشییەتە ممارەسەنەکاتەوە؟ مەبەستم ئەوەیە لە دوای روخانی بەعسەوە بەتوندی بەرەنگاری تاوانی جینۆساید ببینەوەو ژیانێکی ترو ئایندەیەکی تر بنیاتبنرێتەوە، کەشایستەبێت بەئینسان، دوربێت لەهەر رەفتارێکی بەعسیانە، بۆ وەڵامی تەوەری دوەمی پرسیارەکەشت من بەو ئاقارەدا کارناکەم، هەرگیز بڕوام وانیە زیندوەکان بخەینە خزمەتی مردوەکانەوە، ئەوەخۆی لەخۆیدا تیفکرینێکی مردوپەرستانەیە، ئەوانەی شین بۆمردوەکان دەکەن، مەبەستیان ئەوەیە ڕێز لەزیندوەکان نەگرن، ئەوە تێفکرینی دەسەڵاتخوازانەیە هەمیشە دەیەوێت پێیەکمان لەگۆرستان نەبڕین، بۆئەوەی بەو هەلومەرجە باوەی ئێستا قایلمان بکەن، ئەنفال بکەنە وەسیلە بۆ بازرگانی، بۆ بەرزکردنەوەی باڵاخانەکانیان، ئەوانەی ئەنفال هەر بەڕوخانی گوندو کوشتنی بەکۆمەڵو بێسەرو شوێنکردنی سەدان هەزار ئینسان دەبینن‌و ئەوڕستانەیان وەکو ئایەت لەبەرکردوە، هەربەتەنیٚ غەدرلە تێفکرینو هەستوهۆشی خۆیان ناکەن، بەڵکو غەدر لەئینسانە ئەنفالکراوەکانو لەزیندوەکانی دوای ئەوانیش دەکەن، قەوارەی کارەساتەکە گچکە دەکەنەوەو

تاوانی ئەنجامدەران سوکتر تەماشادەکەن.

ئازادی: ببورە ئەگەر مەبەستەکەت زیاتر رونبکەیتەوە؟

عومەر محەممەد: مەبەستم ئەوەیە هەندێك کەس ناتوانن سنوری تەبلیغاتە سواوەکەی خۆیان ببەزێنن، ئەوەی بەردەوام دەیلێینەوە کۆمەڵێك قسەی لەقوتونراوی حازربەدەستە، زۆرجار خاڵیە لەواتا، بێدۆکۆمێنتن، مەسەلەن دەڵێن: 182هەزار کەس ئەنفالکراوە، 4500 گوند تەختکراوە، 5000هەزار لەهەڵەبجە بەگازی کیمیاوی کوژراوە، ئەمانە چیدی دەردی خەڵك تیمارناکەن، تەنانەت ئەمرۆ زۆرشەرمە لەپێگەیەکی رەسمی ئەم قسەیە بکەیتو بەڵگەنامەو داتای تەواوت بەدەستەوە نەبێت، حکومەتی کوردی دوای 16 ساڵ لەدەسەڵاتی خۆی نەیتوانی ئامارێکی ورد لەسەرئەنفال بکات، کەچی هێشتا دەیەوێت بەعاتیفە سەرنجی خەڵك راکێشێ!! ئەمە کارەساتە ئەم سەرنج راکێشانە لەگەڵ یاساشدا ناتەبایە، ئەنفال نەك 182000 ئینسان تەنانەت ئەگەر هەژدە ئینسانیشی تێدا بوبێتە قوربانی هەربەتاوانی جینۆساید دەژمێردرێت، کە گەورەترین تاوانە دژ بەمرۆڤایەتی، لەو پەلامارانەدا بەعس مەبەستی پاکتاوکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراوبوە، ئیدی ئەمە بۆخۆی تاوانی نێودەوڵەتیەو سزای یاسایی خۆی لەسەرەو قەرەبوی خۆی هەیە. دوای ئەوە لەپەلامارەکانی ئەنفالدا هەمو جۆرەکانی جینۆساید تاقی کراونەتەوەو پیادەکراون، دەیان هەزارمنداڵ زیندە بەچاڵکراون، تەنانەت بوکە شوشەو ئەسپە دارینەکانیشان وەك دەستکەوتی جەنگ براون، سوخمەو کراسی ژنانیان دزیو لە بازاری کۆنەفرۆشان هەراجکران، بەم ڕەفتارانەش تۆوی بێئومیدیو دڵکرمێکردنی مرۆڤیان چاند، پەیوەندیە ئینسانیەکانیان بۆ سەدەیەکی تر لەبەینبرد، بەتایبەتی کە ئەنفالچیەکان وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچونو لە کەسوکاری قوربانیەکان بەرێزتر تەماشادەکرین لەلایەن دەسەلاتەوە، ئێستا بەڕونی ئەو راستیە دەردەکەوێت، ئەنفال هەربۆکوشتنی ئینسانی کورد نەبوو، بەڵکو بۆ قێزەونکردنی ژیانو بەهاکانیشی بوو، ئەوەی دەیەوێت لە ئەنفال تێبگات، هاوکات دەبێت هەوڵبدات لەبەعسو بەعسیزمیش تێبگات، وەلی ئەفسوس، ئێستا لەکوردستانی دوای ئەنفال، ئەخلاقیاتی بەعس نەبوەتە شەرمێکی کۆمەڵایەتی، جەلادو قوربانی دراوسێی یەکن، بێئەوەی قوربانی بتوانێ لەبەردەمیدا بکۆکێ.

ئازادی: مەبەستت ئەوەیە ئەخلاقیاتیبەعس هێشتا کاردەکات؟

عومەر محەممەد: بەدڵنیاییەوە، ئەمە لەدوای ئەنفالو لەدوای روخانی بەعس یەکێکە لەوخاڵە شەرمئامێزانەی کە دەبوایە ئێستا عەیبێکی گەورە بونایە لەم وڵاتەدا، کەچی هێشتا بەچاوپۆشی لەو تاوانە جینۆسایدیانە وەکو شتی پیرۆز داکۆکی لەبەعسیزم دەکرێتو پاساوی بۆ دەهێنرێتەوە. بەلای منەوە گرنگ ئەوەنیە دوێنی کەسێك بەعسی نەبوە، گرنگ ئەوەیە رەفتاری ئەمرۆی بەعسیانەیە یان نا

ئازادی: بەبروای تۆ چیبکرێت بۆئەنفال، مەبەستم ئەوەیە کام رێگاچارە باشە؟

عومەر محەممەد: ئەنفال تازە کارەساتێکی بێچارەسەرە، خەڵکێکی زۆر بونە قوربانی، بەڵام گرنگە کاریگەریەکانی ئەنفال چارەسەربکرێن، ئەو نەخۆشیە دەرونیو کۆمەڵایەتیانەی لە سۆنگەیەوە هەتا ئێستا هێرش بۆئینسان دەهێنن بنەبربکرێن، رەفتارەکانی بەعس ریشەکێش بکرێن، لەجەوهەری ئەنفال تێبگەین، کەسێك ناتوانێت نەفرەتی ڕاستەقینە لەئەنفال بکات، تا بەقوڵی لەبەعسیزم تێنەگەیشتبێو بەکردەوە نەفرەتی لێنەکردبێت، داخۆ تێگەیشتنی ئێمە لە بەعسیزم لە چ ئاستێکدایەو ڕادەی بەرانگار بونەوەی بەعسیزم لەکوێی کەلتوری ئێمەدایە، ڕەفتاری بەعسیانە تاچەندە شەرمەزارییە لەکۆمەڵگەی کوردیدا، پێموایە هەتا رەفتاری بەعسیانە لەبەین نەبریت، کورد نابێتەوە بەکۆمەڵگە، دیارترین نیشانەکانی ئەنفال بەلادێی کردنی شارەکانە، بونی ئەو سیستمە خێڵەکیانەیە کە لە فەوجەکانەوە بەجێماونو بەعس تۆوی رشتون، بەداخەوە خۆ هەرخەڵکی سادە بەم دەردەوە گیرۆدەنیە زۆرجار ئەوانەش گیرۆدەن کە کار لەسەرئەنفال دەکەن، ئەوانیش هێشتا بەدیویێکدا ئەنفال دەخوێننەوە، کەپتر لەکاردانەوەی نالۆژیکی دەچێت، هەندێك هەن باس لە تۆڵەکردنەوەی ئەنفال دەکەن،ئەم تێفکرینە چ جیاوازی لەگەڵ تێفکرینی بەعس هەیە؟ ئەمە ڕەفتاری بەعسیزمە.

ئازادی: تۆ ڕاتوایە نابێت بیر لە تۆڵە بکرێتەوە، وانییە؟

عومەر محەمەد: بەڵی هەرگیز نابێت بیرلەوەها کردەیەکی دواکەوتوانە بکرێتەوە؟ تۆڵە لەکێ بکەینەوە، لەعەرەب؟ ئەگەرچی ئەنفال بەرئەنجامی فکری شۆڤینی عەرەبە، بەڵام عەرەب خۆشی بەدەست بەعسەوە جینۆسایدکراوە، بەکۆمەڵکوژراون، ئێسكو پروسکیان تێکەڵ بەلی بیابان بوە. دواتر ئەوەی ئێمەی ئەنفالکرد هەمان ئەو بیرکردنەوە تەسکبینو تورەیە بوو، کەبروای تەواوی بە تۆڵە کردنەوە هەیە، ئەنفال بۆخۆشی بەرهەمی ئەو عەقلیەتەیە، تۆڵەی دۆڕانی ئەو لەشکرە ئەنفالچیە بو لەجەنگی ئێران عێراقدا. بەڵام خۆ جەلادەکانی هەر عەرەب نەبون، ئاشکرایە بەشێکی زۆریان کورد بون. بەشێکی گەورەشی هێزی مۆدێرنە بوو، مەبەستم لەو تەکنەلۆژیا سەربازیە زەبەلاحەیە، لەو نەخشە سەربازیە مۆدێرنانەیە.

ئازادی: بەبروای تۆ لەدوای بەعس چۆن بیرلە ئەنفال بکرێتەوە؟

عومەر محەمەد: بەعس وەك رژێم روخاوە، نەك وەك رەفتارو عەقلیەت، بۆیە پێموانیە هێشتا کەوتبینە دوای قۆناغی بەعسیزمەوە، هەرکەسێك بیەوێ ئەنفال دوبارە نەبێتەوە بەرلەوەی بەئەنفالو کاریگەرییە ترسناکەکانیدا شۆڕ بوبێتەوە، پێویستی بەوەیە بەعسناسێکی باش بێ، ئەنفالناس ناشێت بەدرۆو  دەلەسەکانی پاش رژێمی بەعس فریوبخوا، ناشێت هەرکێبەرکێی کۆنەبەعسیەکان بکاتە ئەرکی خۆی، بەڵکو دەبێت نەیارێکی سەرسەختی هەمو ئەو ڕەفتارە بەعسیانەش بێت، جا کورد پیادەی بکات، یان عەرەب، کە لەدوای خودی بەعسەوە بەمیرات لەعێراقو کوردستان بۆ دەسەڵاتی دوای ئەو بەجێماون، بەراستی کاتێك بیر لە ئەنفال دەکەیتەوە پێویستت بەوەیە ژیاندۆست بیت، ئازادیخوازبیت، نەك هەربۆ نەتەوەو هاونیشتمانانی خۆت بەڵکو بۆهەمو مرۆڤایەتی، دوژمنی هەمو ئەو ڕەفتارانەش بیت، کەلەبەعس دەچنو دەمامکی دیموکراسیو دوژمنایەتی بەعسیان پۆشیوە. کێ دەتوانێت ڕەفتاری ئەوخەمخۆرەی ئەنفالم لەبەعس بۆ جیابکاتەوە کەتازە هاتوە رۆحی تۆڵەسەندنەوە برەوپێدەدا.

بەبروای من هەرمرۆڤێك بەنیازە بەشێوەیەکی ساخلەمو مرۆڤانە دژی ئەنفال کاربکات، دەبێت تا ئەوپەری لەئینسانیەتی خۆی نزیك بوبێتەوەو لەلای ئەو رێزگرتن لەخودی ئینسان بوبێتە عەقڵو لەڕەفتاریدا رەنگیاندابێتەوە، لەگەڵ هەر وێنەیەکی تەڵخو تاریکی ئەنفالدا ئەو پەنجەرەیەکی ڕوناكو شەفاف بەسەر ژیاندا بکاتەوە، کاتێك خەسڵەتە نامرۆڤایەتیەکانی ئەنفالچیان دەخاتە بەرباس لەبەرانبەردا خۆی ئەڵتەرناتیڤی ئەنفالی ترو ئەنفالکردنەوەی خەڵکی ترو فکری ئەوانی دی تەرح نەکات،

ئازادی: تۆ پێتوایە ئەنفال مێژویەکی دورتری هەیە؟ بەرلە بەعسیش هەبوە؟

عومەر محەمەد: بۆنا، ئەنفال بەعس دای نەهێناوە، بەڵکو بەعس سودی لێبینیوە، لەسۆنگەی ئەنفالو دەقی موقەدەسەوە شەرعیەتی پێداوە، هێزو دەنگی بۆهەڵخراندوە، بەڵام بەعس بە سود وەرگرتن لەئەنفال هێزی قرکەری زیاتر کۆکردوەتەوە، مەتریاڵی باشتری هەبوە، دەنا گێلییە وا تێبگەین تەنها بەعسیەکان دەتوانن ئەنفالی خەڵك بکەنو لەدوای بەعس ئیدی کەس ئەنفالناکرێتەوە، نەخێر ئەنفالچی لەهەمو زەمانێکدا ئامادەیە ڕەنگو ڕوخساری خۆی بگۆڕێ، رۆژێك بەناوی بەرگری لەنیشتمانو رۆژێکی دی بەناوی، ئاینەوە، خۆ ئەنفالچی هەرئەفسەرە پلەدارەکانو سەربازە گەمژەکان نەبون، ئەنفالچی کامێرامانو رۆژنامەنوسو شاعیرو مەلاو موختارو خەفێکانو بازرگانەکانو هەمو رەنگە جیاوازەکانی بەعسیش بون ئەنجامیاندا.

ئازادی: رەوتی دادگەکەت بەلاوە چۆنە، پێتوایە چۆن بریار دەدات؟

دادگاکە رەوتی دانیشتنەکانی بەرێكوپێکی رۆیشتون، بەڵام ئەگەرمەبەستت تواناى دادگاکە بێت، وای بۆدەچم ئەو دادگایە نەیەوێت دۆسێی ئەنفال یەکلایی بکاتەوە، هەرلەسەرەتاوە دیارە کە خۆی لەهەندێك مەسەلەی گرنگ پاراستوە، تاوانی ئەنفال تاوانی تاکەکەس نیە، بەڵکو تاوانێکی سیستماتیکی دەوڵەت بوە، لەدژی گەلی کورد لەعێراق، بەڵام دادگاکە ئەم مەسەلە گرنگەی فەرامۆشکردوە، ئەو تەنها چەندکەسێکی دیاری کردوە ئێستاش کە لێپێچینەوە لەگەڵ ئەو چەند تاوانبارە دەکات، تاوانەکە لەملی دەوڵەتی عێراق لادەبات. ئەو چەنکەسەش  هەربریارێکیان لەبارەوە بدات، کێشەکە یەکلایی ناکاتەوە،

چونکه تاوانی ئەنفال تاوانی "جینۆساید"ە، جینۆسایدەکانیش بریاری تایبەتیان لەسەردەدرێتو قەرەبوی خۆیان هەیە، من ناتوانم پێش بریاری دادگاکە بکەوم بەڵام وای بۆدەچم دادگا ئەم لایەنە زۆر بەهەند نەگرێت، لەباشترین حاڵەتدا دادگاکە بریاری لەسێدارەدان بەسەر تاوانباراندا دەسەپێنێ، کەبەبروای من ئەوە خراپترین جۆری بریار دەبێت لەسەرئەو دۆسێیە، چونکە بەپلەی یەکەم کورد وەکو لایەنێکی جینۆسایدکراو کەیسەکە دەدۆرێنێ، لەولاشەوە قەرەبوو تەنها ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بانگهێشتی دادگاکە کراون. کەلەراستیدا بەپێی پەیماننامە نویودەولەتیەکان لایەنی جینۆسایدکراو دەبێت قەرەبوی مادیو مەعنەوی وەربگرێتەوە، بەلای کەمەوە دەوڵەتی عێراق پابەندبێت بە پەیمانێکی سیاسیو ئەخلاقییەوە بەرانبەر بەکورد، داوای لێبوردنی لێبکاو قەرەبوی بکاتەوە، وەکو گەلێك کە تاوانی جینۆساید لەدژی پیادەکراوە لەلایەن دەوڵەتی پێشوی عێراقەوە. بەهەرحاڵ دادگاکە وابریاربوو رۆژی 6ی حوزەیران دوابریاری خۆی لەبارەی تاوانبارانی دۆسێکەوە بدات، بەڵام بەهەرهۆیەکەوە بێت دواکەوت.

ئازادی: زۆر سوپاس بۆ ئەم دیدارە، ئێمە هیچمان نەماوە ئەگەر تۆ شتێکت مابێ.

عومەر محەمەد: منیس سوپاستاندەکەم، بەڵام پێمباشە جارێکیتر لەسەرئەوبیری تۆلەکردنەوەیە بوەستم، ئەمە مەترسیەکی گەورەیە، مرۆڤی ساخلەم کە لەتێگەیشتنیەوە، لەبروابونیەوە بەکەرامەتی مرۆڤ، دژی ئەنفال دەوەستێ، پێویستە خۆی لەو تەڵەو داوانە رزگارکردبێت، کەتوشی توندرەویو تۆلە سەندنەوەی دەکەن، دەبێت بەو قەناعەتە گەیشتبێت کەئەوەی ئەو بۆی هەوڵدەدات ئەنفالکردنەوەی گروپی دیو سرینەوەی کەسانی دی نیە، بەڵکو ئەرکی ئەو هێنانەوە هۆشی ئەوانەیە کە ئامادەن رۆژێکی تر بە بیانویەکی ترەوە ببنەوە بە ئەنفالچی.

ئەنفالناس کاتێك تێکەڵ بەدیوەتاریکەکەی ئەنفال دەبێت ناشێت هەمو دنیا بەئەنفالەوە تاریك بکات، ناشێت پەلی مرۆڤەکان راکێشێتەوە بۆناو کارەساتێکی تری هاوشێوەی ئەنفال، بەناوی جەنگی موقەدەسو تۆڵەی رەواو هەڵکێشانی ریشەی ئەنفالچیانەوە، هەوڵبدات جەنگێك بەرپابکاتەوەو زیندوەکان لەپێناوی مردوەکاندا لەرۆخی قەبر نزیکبکاتەوە، یان بەرەو گۆرستان راپێچیان بکاتەوە، گرنگ ئەوە نیە تۆچەندە بەڤێزەونی تەماشای جەلادو ئەنفالچی دەکەیت، بەڵکو لەوەگرنگتر ئەوەیە خۆت نەبیت بە شێوازێکی تر لەجەلادو ئەنفالچی، چونکە لەبنەرەتەوە بۆیە دژایەتی ئەنفالدەکرێت، بۆئەوەی ژیان سەروەربێت، بۆئەوەی وێنە تەڵخەکەی ئەنفال نەبێتە وێنەی هەمیشە بەرچاوی هەموان. وەکو کەنعان مەکیە دەڵێت: هاوڵاتی دڵسۆز بەپێی رێبازێکی دیاریکراو بیردەکاتەوەو لادانیش پێش ئەوەی لەرەفتاردا بەدیبکرێ لە "بیری خراپ"دا بەدیار دەکەوێت.